Kurdistan.net کوردستان نێت

# پارتی سەربەخۆیی کوردستان

# - پاسۆک -

# کوردستانێکی ئازاد

# گەلێکی یەکسان

# Kurdistan Independency Party

**(ئێمە وەک پاسۆک ، هەرکاتێ کورد پێویستی پێمان نەبێت وەک حیزبێک ، یاخود ئێمە ببینە تەگەرەیەک لە سەرەڕێی بزوتنەوەی کوردایەتیدا ، ئەوا ئێمە نین)**

"ئازاد مستەفا"

هەر لەم گۆشە نیگایەوە : پاش شەری دووەمی کەنداو و راپەرینی کوردان لە باشوری کوردستاندا ، هاوبیرانی ئەودەمی سەرکردایەتیمان پێیانوابوو کاتی ئەوەیە کە کورد یەکگرێت ، ئیتر بە هەر نرخێک بێت ، تەنانەت گەر لە سەر حیسابی نەمانی پاسۆکیش بێت !! بۆیە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ حسک و گەلدا یەکیان گرت و (یەکگرتن) یان پێکهێنا و دواتریش بە کۆمەڵ لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا یەکیان گرت و پارتی دیموکراتی کوردستان -یەکگرتوویان دروست کرد . ئێمە **(ئەندامانی ئێستای پاسۆک)** کە لە گەڵ سەرکردایەتی ئەوسای پاسۆکدا هاوبیر و هاوڕا بووین لە سەر یەکگرتنی کورد ، بەڵام پێمانوانەبوو کە وەختێتی و کاتێکی لە بارە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە مەزنە .... بەڵام لە بەر ئەوەی پارچە پارچە بوون و دابڕین و دەست دانە یەخەی برای خۆمان لای ئێمە حەرام و نەفرەت لێکراوە ، خۆمان هەڵپەسارد **(تەجمیدکرد)** ، واتە نە بووینە رێگریان نە لە گەڵیشیان چووین ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو هاوبیرانە ئەوساش و ئێستاش هەر بە هاوبیر و هاوسەنگەری خۆمانمان زانیوە و دەزانین **(شێنگێرانمان لە شەهید بوونی هاوبیری هێژا و فەرماندەی سەروەر " کاکە ملازم کەریم " دا سەنەد و بەڵگەی راستێتی ئەم بۆچوونەمانە)**...

ئەوەی کە هاوبیرانی سەرکردایەتی پێشومان ئاواتیان بوو ، بۆشی دەکۆشان یەکگرتنی کورد و پاراستنی ئەو بەشە رزگارکراوەی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی و لە کاتی لە باردا ئازاد کردنی کەرکوک و مەندەلی و خانەقین و موسڵ و شەنگار و بەشەکانی تری ژێر چنگی داگیرکەر بوو ، بەڵام مەخابن سەرکردەکانی کورد مەسەلەکەیان بە ئاراستەیەکی تردا هاژوو و کوردیان گیرۆدەی دیسانەوە شەری کوردکوژی و کوردستانیان وێران و تاڵانکرد ... بە کوردی و کورتی کورد و کوردستانیان نایە سەر لێواری هەڵدێری هەوەس و ئارەزووی شەخسی خۆیان ، ئاوات و خۆزگە و خەونی ملازم کەریم و هەزارانی دیان لە گۆر نا و کردیانە ووزەی کوڵانی هەوەس و ئارەزووی دۆنکیشۆتانەی خۆیان ... بۆیە ئێمە کە نەبەزین و هەردەم پەرۆشی کوردایەتین دەستمان کردەوە بە کارکردن ، واتە رێکخستنەوەی ریزەکانمان و هاژوونی بیروباوەڕەکەمان کە تەنیا و تەنیا کوردایەتیە و بەس . بەڵام بە شێوازێکی نوێ کە شایستەی ئەم سەردەمە و هەل و مەرجی ئێستای کوردستان بێت ... چونکە ئەو گۆڕانکارییە نالەبارەی کە بە سەر کوردستان و کۆمەڵگای کوردا هێنرا هەر لە تاڵانکردنی کوردستان و شەری کوردکوژی .. هتد بۆ ئێمە بووە

ئەزموونێکی گوشاد و بەکەڵک و بۆیە دامەزراندنەوەی ڕێکخستنمان بە جۆرێکە کە پڕاوپڕی سەردەمی ئێستای کوردستانە و بە ئەقڵێکی نوێ و ئەزموونداروە هاتینەوە مەیدانی خەباتی کوردایەتی بێ ئەوەی ببینە بەشێک لە بکەرانی تێکدان و تالانکردنی کوردستان و شەڕی کوردکوژی ، یاخود بوومان جۆرێک بێت کە ناچارمان بکەن بکەوینە ئەو زۆنگاوەوە .... ئەوەش کە هەموان دەبینین ، چەند نموونەیەک : لە باشوری کوردستاندا دەیان ڕێکخراو پارتی تێدایە کە بە ئاشکرا کار دەکەن ، کامەیان بەشداری شەڕی کورد کوژی نەکردوە بە ڕێیەک لە ڕێگاکان ... هەر لە پارتی و یەکێتی و ئیسلامی و پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبی دیموکرات و بیگرە تا گروپە چەپ و ڕاستەکان ، حیزبی حەمەی حاجی مەحمود ، کاری سەربەخۆیی ، پارێزگاران ، شیوعی عێراقی و کوردستانی ، چەندانی تر ... ئایا کامەیان لێی نەکوژراوە یان نەیکوشتوە ؟!!! مێژووش شایەتێکی زیندوە ... بەڵام سیاسەتی کوردانە و بە ئاوەزانەی پاسۆک لە دیاریکردنی جۆری بوونیدا ... سوپاس بۆ خودای دلۆڤان و ژیری سەرکردایەتیمان لە شەڕی کورد - کورد دا و لە تالانکردنی کوردستاندا و هەزاران خراپەکاری تر کە رووی داوە پاکە وەک شیری بەری دایکی کوردایەتی .

ئێمە پێمانووایە خەبات و کوردایەتی خزمەتکردنی کوردە و شۆڕشگێڕیش ململانێ و شەڕە دژی داگیرکەری نەگریس نەوەک شەرە گەرەک و شەرەکورسی ، **ئێمە چەندمان لە تواناداا بێت** خەبات دەکەین بۆ خزمەتکردنی کورد و رزگارکردنی نەک بۆ سنگ دەرپەراندن و دیوەخان دانان و وورگ و گیرفان پڕکردن ... کەچی هەندێ کەس ئەم شێوازی بوونەمانی لە بەرژەوەند نیە و ئەم شێوە نوێیە ی پێ خراپە و حوکمی نەبوونمان دەدات و جاڕ لە نەبوونی پاسۆک دەدات ... ئەو کەسانە باندێک هەلپەرست و وورگ پڕکەر و چلێس و نەوسنی ماڵانگەڕن ، ئەو ناتەبایی و شەڕەگەرەکەیان بۆ ئەم ماڵە و ماڵ گەڕان و وورگ پڕکردن و ملۆمۆش کردنە قۆستۆتەوە ، وەکو کەری نێو جۆگا لەمبەر و لەوبەریش دەلەوەڕێن و ... بەتاڵ و حەتاڵ بە چاخانە و قومارخانەکانی ستۆکهۆڵمدا دەگەڕێن و دەلەوەڕێن و بە کوردایەتی دەوەڕن ... یەکێک لەمانە ( **شێ حسێن** ) ناوێکە لەم رۆژانەدا لە سەر (رادیۆی پەنجەرە) رادیۆ ی گەرەکێکی ستۆکهۆڵمە بە کوردی ... گووتویەتی گوایە چۆتە کوردستان و لە زۆر دیوەخانان پاروی گلاندوە بەڵام دیوەخانی پاسۆکی لە هیچ شوێنێک نەدۆزیوەتەوە ئیتر تەنگە گرتویەتی و بەو رادۆیەدا قەڕنیوە و حوکمی نەبوونی پاسۆکی داوە .... ئێمە نەمان ویستوە لە بنی هەمانەکە بدەین .... تەنها بەم ( **شێ حسێنە** ) و بابەتی وەکی ئەو دەڵێین : ئێمە کوردایەتی دەکەین براله ، لۆقەنتەمان دانەناوە ....

**هەربژین بۆ کورد**

پارتی سەربەخۆیی کوردستان

**پاسۆک**

ڕێکخراوی سوید

١٨ - ٦ - ١٩٩٦